Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10403

# بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی " ڤیکۆنتی دوو لەتبوو"ی ئیتالۆ کاڵڤینۆ و ڕۆمانی " جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد" ی بەختیار علی دا، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

**سەردار فائق مجید**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: October, 2023

Revised: October, 2023

Accepted:November, 2023

***Keywords***

ڕۆمان، کەسایەتی، جۆری کەسایەتی، کەسایەتی سەرەکی، گێڕەرەوە

***Corresponding Author***

**پوختە:**

کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی ژانری ڕۆمان، بەبێ کارەکتەر دەقی ڕۆمان بنیات نانرێت. لەگەڵ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەدا (ڕووداو، کات، شوێن)، کار لەیەك دەکەن و دەقی هونەری ڕۆمان پێکدەهێنن، چونکە بەهۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، واتا پێکەوە و بە هەماهەنگی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی نێو دەقی ڕۆمان هەڵدەسوڕێنن.

ئەم توێژینەوەیە, کە ناونیشانی (بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی" ڤیکۆنتی دوو لەتبوو" ی ئیتالۆ کاڵڤینۆ و ڕۆمانی "جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد" ی بەختیار علی دا)یە، تێیدا هەوڵدراوە بنیاتی کارەکتەر لەنێو هەردوو ڕۆمانەکەدا لەڕووی کاریگەری و کارتێکردنەوە بخاتەڕوو, هاوکات لایەنی جیاوازیشیان دەست نیشان بکات.

ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە ڕێبازەکانی وەسفی- شیکاریی و بەراوردکاری وەرگرتووە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە، لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە و جۆرەکانی کارەکتەرمان خستووەتەڕوو. بەشی دووەم پراکتیکییە و لەم بەشەدا، هەردوو ڕۆمانەکەمان لەڕووی بنیاتی کارەکتەرەوە خستووەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە. لەکۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## پێشەکی:

کارەکتەر یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نێو دەقی ڕۆمان، ڕۆمان بەبێ کارەکتەر بنیات نانرێت، چونکە بەهۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشدا (ڕووداو، کات، شوێن)، کار لەیەك دەکەن و دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن، واتا پێکەوە و بە هەماهەنگی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی نێو دەقی ڕۆمان هەڵدەسوڕێنن.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە.** ئەم بابەتە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەنێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا زۆر جێگەی بایەخە و کاری لەسەر کراوە، بەڵام لەنێو توێژەرانی کورددا بۆ بینینەوەی لێکچوونی نووسەرانی کورد و نووسەرانی جیهانی بەشێوەی بەراوردکاری کەمتر کاری لەسەرکراوە، ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بۆیە ئێمە لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە.** لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدەکانی وەسفی شیکاری، بەراوردکاری ئەمریکی وەرگرتووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە..** ئامانجمانە ڕادەی کاریگەری (ڕۆمانی ڤیکۆنتی دوولەت بوو)، لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) دەستنیشان بکەین، بەتایبەت لەڕووی بنیاتی کارەکتەرەوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە.** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** چەمك و پێناسە و جۆرەکانی کارەکتەرمان خستووەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** پراکتیکییە و لەم بەشەدا، هەردوو ڕۆمانەکەمان لەڕووی بنیاتی کارەکتەرەوە خستووەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

## بەشی یەکەم: چەمك و پێناسە و جۆرەکانی کارەکتەر.

### 1-1- چەمك و پێناسەی کارەکتەر.

کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە دیار و سەرەکییەکانی نێو پانتاییِ دەقی ڕۆمان، کە ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەیە، لە بونیادی ڕۆماندا و هۆکارێکە بۆ پێکەوە بەستنی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان، چونکە ((کارەکتەر هۆکاری هەڵسوڕاندنی کارەکانن، کێشە دروست دەکەن و دەکەونە ململانێی و ڕووداوەکان دەگەیەننە ترۆپك))(عەبدوڵلا، 2008: 39)، لەلایەکی دیکەشەوە ((وەك کەسایەتی مرۆڤێك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەهۆی بەشداری کردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ڕۆمان بەدیار دەکەوێت))(خدر، 2012: 99). کارەکتەر وەکو داینەمۆیەك ((ئەرکی بزواندنی ڕووداوی لەسەرە، تووشی تەنگوچەڵەمە و ئازارو ئەشکەنجەش دەبێتەوە))(خەیات، 2019: 30). دیارە مەبەست لە کارەکتەر ئەو جۆرە کارەکتەرانەیە کە لەنێو دەقی ((ڕۆمان، چیرۆك، داستان، ئەفسانە و شانۆنامە دا بوونیان هەیە و ڕۆڵی پێسپێردراوی خۆیان دەنوێنن))(ایرانی، 1380: 590).

کاتێك باس لە کارەکتەر دەکەین، مەبەستمان لە کارەکتەری نێو دەقی ڕۆمان، چیرۆك، ...هتد، یان کارەکتەری هونەرییە، کە((ڕۆماننووس دروستی دەکات، کەسێتی کەتواری نییە، ئەو کەسایەتییەی ڕۆماننوس لەناو ڕووداوەکاندا دەیسوڕێنێت تەنها بوونێکی خەیاڵی لەنێو دەقی ڕۆمانەکەیدا هەیە))(ڕەحمان، 2014: 45)، ئاساییە هاوشێوەی ئەو کارەکتەرانە لە دونیای کەتواردا بوونی هەبێت، بەڵام ناکرێت ((بەچاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین))(سەراج،2007: 12)،چونکە ڕۆماننووس کارەکتەرەکانی هەڵبژاردووە و هەوڵیداوە ((لەڕووی واقیعی و ناواقعییەوە ئەدگارەکان تێکەڵ بەیەکتری بکات، کە وێنەی لە هیچ مرۆڤێکی ڕاستەقینەدا نەبێت، بەڵام سیفاتەکانی کارەکتەرەکە پێکهاتووە لەچەند سیفەتێکی کۆمەڵە کەسێك لەژیانی ڕاستەقینەدا))(غەفور، 2005: 36)، بەڵام ئاساییە سیفاتەکانی کارەکتەری نێو ڕۆمانێك نزیك بێت لە سیفاتەکانی کەسایەتی دەرەوەی ڕۆمانەکەوە.

### 2-1- جۆرەکانی کارەکتەر لە گێڕانەوەی ڕۆماندا.

جۆرەکانی کارەکتەر بەپێی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی لەنێو ڕۆماندا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە کارەکتەر لەپرۆسەی گێڕانەوەدا زیاتر گرنگییەکەی دەردەکەوێت. کارەکتەر بەگشتی دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە ئەوانیش کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکییە.

### 1-2-1- کارەکتەری سەرەکی.

کارەکتەری سەرەکی بەوە ناسێنراوە کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی سەرەکی هەیە لە هەڵسوڕاندنی زۆربەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەك کە ((لەشێوەی داوێك دەچێت لە زنجیرەی بەرەو پێشچوونی ڕۆمان و تەقاندنەوەی ڕووداوەکان))(الكساسية، 2006: 117). بەهۆی گرنگییەکەیەوە وادەکات کە کارەکتەرەکانی دیکە بەدەوریەوە بسوڕێنەوە، بەڵام ((جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نیە تەنها ئەوە نەبێت کە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕۆماندا دەگێڕێت))(خاڵە دێوە، 2010 : 172). ڕۆماننوس ئەوەی لە بیر و خەیاڵیدایە لەم جۆرە کەسایەتییەدا کۆی دەکاتەوە و لەڕێگای ئەوەوە دەیخاتە ڕوو، بۆیە کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆماندا ((ئەرکی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکان و بەشداری ڕاستەخۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەکەوێتە سەر))(حاجی، 2009: 174). کارەکتەری سەرەکی هەمیشە داینەمۆ و بزوێنەری ڕووداوەکانە.

کارەکتەری سەرەکی هەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەوە ئامادەییەکی تەواوی لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هەیە تا کۆتایی ڕۆمانەکە. پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا هەیە کێشەو ناکۆکییەکان چارەسەر دەکات. ((بێگومان کارەکتەری سەرەکی دەبێت خاوەنی هێز و ئیرادە و کەسایەتییەکی بەهێز بێت، چونکە ئەو بزوێنەری سەرەکی ڕووداوە و کار دەکاتە کارەکتەرەکانی دیکە، هەموو کارەکتەرێك نابێتە کارەکتەری سەرەکی، چونکە کارەکتەری سەرەکی دەبێت شتێکی جدی و زیندوێ و بیبزوێنێت سازشکار نییە و چارەسەری بنەڕەتی کێشە دەکات))(حەسەن، 2004: 121)، ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی زیاتری دەربکەوێت و خوێنەریش لەڕێگەی کارەکتەری سەرەکییەوە بەدوای ئەنجامی ڕووداوەکاندا بگەڕێت.

### 2-2-1- کارەکتەری لاوەکی.

کارەکتەری لاوەکی پلە بە پلە و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ کارەکتەری سەرەکیدا دەڕوات. بەپێی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە هاوکاری و بەشداری لەپرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات. بۆیە کارەکتەری لاوەکی ((تەواوکاری کارەکتەری سەرەکییە))(شێخانی، 2014: 39). بەشێوەیەك هەمیشە لە خزمەتی کارەکتەری سەرەکیدان، چونکە ((ڕۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕەفتارو هەڵوێستەکانی ئەوان))(حاجی، 2009: 174). ئەمەش زیاتر کاتێك دەردەکەوێت کەلە پرۆسەی گێڕانەوەدا، ((ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی کارەکتەری سەرەکی، وەکو ڕۆشنایی خستنەسەر لایەنە نادیارەکانی یاخود ببێتە پارێزەری نهێنییەکانی، بۆیە دەتوانین

بەهۆی ئەوەوە زیاتر لە کارەکتەری سەرەکی بگەین))(نجم، 1963: 103) کارەکتەرە لاوەکییەکان زیاتر ئەو کارەکتەرانە دەگرنێتەوە کەلە پەراوێزدا دەژین و پێچەوانەی کارەکتەرە سەرەکییەکانن، کار و کردەوەی گەورە ئەنجام نادەن لە ((گرنگترین خاسیەتی کارەکتەرە لاوەکییەکانیش ئەوەیە کە شێوەیەکی سادەیان هەیە و خاوەن کەسێتییەکی سادە و ئاشکران و تاراددەیەکیش بە ئامادەکراوی وەك خۆیان وەردەگیرێن))( سابیر،2001: 176). ئەم جۆرە کارەکتەرانە رۆڵێکی کەم و دەستەڵاتێکی سنورداریان هەیە و دەکرێت تەنها لە رووداوێك، یاخود لە چەند روداوێکدا دەربکەون.

**3-1- بنیاتی کارەکتەر لەرووی رۆڵ و پێکهاتنەوە.**

لەرووی رۆڵ و پێکهاتنەوە کارەکتەر دەبێت بەدوو جۆری سەرەکییەوە کە ئەوانیش بریتین لە:_

**1- کارەکتەری پەرەسێن.**

ئەم جۆرە لە کارەکتەر لەناو دەق رۆماندا لەیەك بار و دۆخدا نامێنێتەوە، بەڵکو بە بەردەوامی گۆڕانی بەسەردا دێت و لە هەر گۆڕانکارییەکدا تەواوی ژیان و هەڵسوکەوتی دەگۆڕێت، یاخود بەشێکی دیاری ژیانی دەگۆڕێت، بەشێوەیەك رەفتار دەکات جیاوازە لە رەفتارەکانی دیکەی. کارەکتەری پەرەسێن ((ئەو کارەکتەرەیە پێکهاتەکەی بە تەواوبوونی رۆمانەکە تەواو دەبێت. لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکە دەچێتە پێشەوە و لە هەموو هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوتێکی نوێی دەردەکەوێت و لایەنێکیمان بۆ ئاشکرا دەکات))(اسماعیل، 1976: 193). ئەمە بەو مانایە دێت کە کارەکتەرەکان لەناو دەق رۆماندا بە بەردەوامی لە گەشە و گۆڕاندان، هەمیشە نوێ دەبنەوە و پەرەدەسێنن هەروەها ((بەدرێژایی رووداو و هەڵوێستەکانی ناو رۆمانەکە هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کارەکتەرانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە کە رەنگە لەلایەن گوێگر، یان خوێنەرەوە لەسەرەتای ناسینی کارەکتەرەکەدا روون و ئاشکرا نەبووبن، نووسەری بەهرەمەندیش گەشەو پەرەسەندنی کارەکتەر بەشێوەیەکی پلەدار و سەلمێندراو دەکات، تاوەکو لەگەڵ ئەو سروشتە، کە لە واقیعدا هەیەتی بگونجێت))(خەیات،2019: 28)، کارەکتەری پەرەسێن لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رووداوەکانی ناو رۆمانەکە چەندین هەڵوێست و کارکردەوەی نوێی تێدا دەردەکەوێت و پەرەدەسێنیت, بۆیە بەردەوام گەشە دەکەن و دەگۆڕێن.

**2- کارەکتەری پەرەنەسێن.**

ئەم کارەکتەرە لەسەرەتای رۆمانەکەوە تاکۆتایی رۆمانەکە کارەکتەرێکی نەگۆڕە و هیچ گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەکەیدا روونادات. ئەم جۆرە لە کارەکتەر ((تاکرەهەندە و یەك شێوەی هەیە و ناگۆڕێت))(عبدالله، 1986: 66). بۆیە خاوەن یەك هەڵوێستە و هیچ هەڵوێستێکی دیکەی نابێت بەرامبەر بە رووداوەکان. بەوهۆیەوە ((رووداوەکان کاری تێناکەن، نووسەر لە سەرەتاوە وێنەیەکی تەواو و کاملی بۆ ئێمە دەکێشێت کە توانای گەشە کردنی نییە، بۆیە وەڵام دانەوەی بۆ رووداوەکان زانراوە))(غطاشة، 2000: 126). مەبەست لە کارەکتەری سادە مانای ئەوە نییە، کە کارەکتەرەکە هیچ رۆڵێکی گرنگی نیە لەناو دەق رۆماندا، بەڵکو ((رۆڵی ئەو کارەکتەرانە وەك یارمەتیدەرێکی رۆماننووس دەردەکەوێت لە بنیاتنانی کارەکتەری پەرەسێن و زۆربەی کات لە وێنەی چینێکی کۆمەڵ دەبینرێت، کەواتە کارەکتەری سادە وەك بنەمایەکی گرنگی هونەری رۆمان دادەنرێت)) (خەیات: 32). ئەم جۆرە کارەکتەرە لەلایەن رۆماننووسەوە دەستەڵاتێکی دیاریکراوی پێدراوە، رووداوەکان کاری تێناکەن و توانای گەشەکردن و بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاری نییە.

**بەشی دووەم: پرکتیزەی کارەکییە لە هەردوو رۆمانەکەدا:**

**کورتەی رۆمانی ڤیکۆنتی دوولەتبوو.**

رووداوەکانی ناو رۆمانی (ڤیکۆنتی دوولەتبوو)، باس لە جەنگی نێوان تورك و ئیتالیا دەکات. دیمەنی کێشمەکێشی سەختی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگێرێتەوە. کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە ڤیکۆنت مێدار تێرئالبا، لاوێکی تازەپێگەیشتوو بوو، دەیویست لەپێناو وڵاتەکەیدا بجەنگێت، بۆیە بڕیاری بەشداریکردنی داوە لە جەنگی دژ بە تورکەکان، ئەم لاوە خوێن گەرمە زۆر بە پەرۆشەوە بەشداری جەنگ دەکات، تا ئەو پەڕی تواناو هێزی هەبووە سەرسەختانە بەرگری دەکرد، بەڵام بەهۆی بەهێزی تورکەکان و هێرشەکانیان، دووچاری گوللە تۆپێك دەبێت و دەبێت بە دوو کەرتی یەکسانەوە، کەرتێکی بە ئاراستەیەکدا دەڕوات، واتا کەرتێکیان بۆ رۆژهەڵات و کەرتەکەی دیکەیان بۆ رۆژئاوا، هەر یەك لەم کەرتانە سیفات و رەفتاری تایبەت بەخۆیان ئەنجام دەدەن، واتا وەك دوو کەسی جیاواز دەردەکەون. لەناو رۆمانەکەدا کەرتێکیان بە ڤیکۆنتی شەڕانی و ئەو کەرتەکەی دیکەیان بە ڤیکۆنتی پیاوچاك ناوی هاتووە، ئەو کەرتەی کە بە ڤیکۆنتی شەڕانی باسکراوە هەمیشە لە کۆشکی پاشایەتیدایە و خەریکی زوڵم و زۆرداریە، بە ناڕەوا سامان کۆدەکاتەوە و ئازاری خەڵکی دەدات، خەڵك لە سێدارە دەدات و بەهۆی سامانەکەیەوە دەیەوێت بە زۆرداری هاوسەرگیری لەگەڵ کچاندا بکات. ڤیکۆنتی پیاوباشیش هەمیشە سەرقاڵی چاکەکردن و یارمەتیدانی خەڵکی نەخۆش و کەمدەرامەتە، پاش ململانێ و چەندین رووداو بە هەوڵی دکتۆر ترێلاونی ڤیکۆنت مێدار تێرئالبا چارەسەر دەکات و هەردوو لەتەکە پێکدەهێنێتەوە و

دەیکاتەوە بە مرۆڤە ئاساییەکەی جاران. سەرجەم رووداو و بەسەرهاتەکانی ناو ئەم رۆمانە لەلایەن برازاکەی ڤیکۆنتەوە دەگێڕێتەوە.

## کورتەی رۆمانی جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دیبرد.

رووداوەکانی ناو ئەم رۆمانە باس لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران دەکات، لەم نێوەندەشدا چەندین رووداوی جەنگ و کوشتن بەدی دەکرێت لە دژی کورد و تاکی کورد، لەناو گەرمەی رووداوەکاندا و لە سەرەتای ساڵانی 1979دا کارەکتەری سەرەکی ناو ئەم رۆمانە کە(جەمشیدخان)ە، بەهۆی گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەی بەعسییەکانەوە دووچاری نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت، بەشێوەیەك کە کێشی لەشی هێندە کەم دەکات و لاواز دەبێت، کە با دەتوانێت هەمیشە لەگەڵ خۆیدا بیبات. ئەم کارەکتەرە هەر جارێك کە با لەگەڵ خۆی دەیبردە ئاسمان کاتێك دەگەڕایەوە بەتەواوی بیروباوەڕ و ڕەفتاری دەگۆڕا و دەبوو بە کەسێکی تەواو جیاواز، ئەم کارەکتەرە جارێك دەبێت بە کەسێکی خراپ و کاری سیخوڕی دەکات. بەهۆی ئەم کارەوە چەندین کەس دووچاری کێشە و زیان دەبوون بەدەستی جەمشیدخانەوە، بەم هۆیەشەوە ماڵ و سامانێکی زۆری پێکەوە نابوو، هەر بەهۆی ئەم ماڵ و سامانەشەوە دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ کچاندا ئەنجام بدات. جارێکتر دەبێت بە کەسێکی باش و خواناس و کاری باشی ئەنجام دەدا. پاش وەڕەس بوون و بێزار بوون و نائومێد بوون لە چارەسەر کردنی لەلایەن دکتۆرەکانی وڵاتەکەیەوە، بۆیە بڕیار دەدات لە نیشتیمانەکەی بڕوات، داوا لە برازاکەی دەکات لە کاتی فڕینی بۆ ئاسمان، دەستی لێ بەربدات، تاوەکو با بیبات بۆ وڵاتێکی دوور. بۆیە برازاکەی ئەو کارە ئەنجام دەدات و با جەمشید خان دەبات بۆ وڵاتێکی دوور. پاش ماوەیەکی دوور و درێژ بەنامەیەکدا جەمشیدخان هەواڵی چارەسەر و چاکبوونەوەی خۆی لەلایەن دکتۆرەکانی ئەو وڵاتەوە بە نامە بۆ برازاکەی دەنێرێتەوە و باس لەوە دەکات، کە بووە بە کەسێکی ئاسایی و چیدیکە با ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات. گێڕەرەوەی ئەم رۆمانە برازای کارەکتەری سەرەکی ناو رۆمانەکەیە.

### 2-1- کارەکتەری سەرەکی.

کارەکتەری سەرەکی لە رۆمانی (ڤیکۆنتی دوولەتبوو)دا کارەکتەرێکی فەنتازییە و ناوی تەواوی (ڤیکۆنت مێداری تێرئالبا)یە، ئەم کارەکتەرە لە هەرەتی لاویدایە و چاکە و خراپەی خۆی لێك جیا ناکاتەوە هەروەکو گێڕەرەوەی رۆمانەکە دەڵێت: ((مامم لە هەرەتی لاویدا بوو لە تەمەنێکدا بوو ئیتر هەستەکان تێکەڵ و پێکەڵن و بە باشیش چاکە و خراپە جودا ناکرێتەوە و لە تەمەنێکدا عیشق و خۆشەویستی بۆ ژیان وا دەکات هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی نوێ جۆش و خرۆشانە و بوێرانە دەردەکەوتن))(کالڤینۆ، 2014: 6-7). بەهەمان شێوە کارەکتەری سەرەکی نێو رۆمانی (جەمشید خانی مامم) کارەکتەرێکی فەنتازییە و ناوی تەواوی (جەمشید خانی کوڕی حیسام خان)ە، لە تەمەنی لاویدا دووچاری ئەم رووداوە دەبێت، هەروەکو لە زاری گێڕەرەوە کە دەڵێت: ((جەمشید خان بۆ یەکەمجار گیرا تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو... وەکو دەڵێن جەمشید بە خۆڕاگرییەکی گەورە و پاڵەوانییەتێکی بێوێنەوە بەرگەی ئەشکەنجەکانی زیندانەکانی گرتووە))(علی،2018: 5).

ڤیکۆنت لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادە و خانەدان بووە، بۆیە لەلایەن باوکییەوە نازناوی نەجیبانەی وەرگرتبوو. ((ڤیکۆنتی ئەیلوفی پیرەمێرد، مەبەست لە باپیری منە، ئەو دەمێك بوو، بگرە داشنەدەبەزییە حەوشەکە، کاروباری دونیا سەغڵەتی دەکرد، پێش ئەوەی کوڕەکەی بڕوات بۆ مەیدانی شەڕ، ناونیشانی نەجیبانەی خۆی بە میرات دابووە کوڕە تاقانەکەی)). بەهەمان شێوە جەمشید خان لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوو، بۆیە نازناوی خانیشی پێ درابوو، هەر وەکو لە ناونیشانی رۆمانەکەشدا بەخان ناوبراوە، بەهەمان شێوە ڤیکۆنت جێگەیەکی تایبەتی هەبووە لەلای باوکی، هەروەها جەمشید خانیش لەلای باوکی جێگەیەکی تایبەتی هەبووە، بۆیە بەوپەڕی وریاییەوە داخوازییەکانی باپیریان جێبەجێ دەکرد. ((گوتیان نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە جەمشید لای ئەوان چ خۆشەویست و گرنگە و ئەگەر شتێکی لێ بێت باپیرە حیسام لەوانەیە حاشامان لێبکات و ملك و وەرەسەشمان لێ حەرام بکات))(عەلی: 14).

کاتێك ڤیکۆنت بڕیاری بەشداریکردن لە جەنگ دەدات، بەهۆی گونجاندنی ئازایەتی و لێهاتووییەوە، کاتێك هەست بە گونجاندنی دەکەن ((ڕاستەوخۆ دەیبەن بۆ لای ئیمپراتۆر. دەوارەکەی ئیمپراتۆر. بەمافور و فەرش و خەڵاتی شەڕ ڕازێنرابووەوە))(کاڵڤینۆ: 13). بەهەمان شێوە لەدوای کەمکردنی کێشی جەمشیدخان دەیبەن بۆ لێکۆڵینەوە لە توانای جەستەیی بۆئەوەی بزانرێت گونجاوە بۆ بەشداریکردن جەنگ، هەروەکو ڤیکۆنت، لەسەرەتاوە دەیبەنە لای وەزیر ((وەزیر دوای ئەوەی لە باغێکی هێمندا چاوی بەفڕینی مامم دەکەوێت، پێشوازییەکی تایبەتی لێدەکات پێیدەڵێت کە ئەو دەتوانێت سودێکی گەورە بەهێزەکانی وڵاتەکەی بگەیەنێت.))(عەلی: 31).

هەردوو کارەکتەر لەسەرەتاوە دەبرێن بۆ لای ئیمپراتۆر و وەزیر، شوێن و جێگەی ئیمپراتۆر و وەزیرەکان شوێنێکی خۆش و دڵگیرە، لێرەوە نزیکی هەردوو کارەکتەر دەردەکەوێت.

ڤیکۆنت بیری لە ڕژانی خوێن دەکردەوە. باش دەیزانی کە چی ڕوودەدات، بەڵام ئامادەی جەنگەکە دەبێت و بەبێ دوو دڵی بەشداری دەکات، هەروەکو گێڕەرەوە لە ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((هەستی دەکرد خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەم جەنگە بەسەر ئەم خاکە ڕژاوە و بەنێو هەزاران جۆگەلەدا شۆڕ دەبێتەوە))(کاڵڤینۆ: 15)، بەڵام جەمشید هەر لەسەرەتاوە دوو دڵ دەبێت و هەستێکی ناخۆشی هەیە چونکە دەزانێت بەهۆی ئەوەوە خوێن دەڕێژرێت و چەندین کەس دەکوژرێن وەك لە ڕۆمانەکە هاتووە: ((ئەو شەوە هەستم کرد جەمشید دەگریت، باوەشم پیا کرد و گووتم مامە گیان چیتە؟ و بۆچی دەگریت؟ جەمشید بێئەوەی بهێڵێت ئەفسەرە عەرەبەکان فرمێسکەکانی ببینن گووتی: ئیتر بەهۆی منەوە خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن))(عەلی: 36).

لە ڕۆمانی ڤیکۆنتی دوولەتبوودا کارەکتەری سەرەکی لە مەیدانی جەنگدا دووچاری دوولەتبوون دەبێت، بەهۆی بەرکەوتنی گوللە تۆپێکەوە، کە دەبێت بە کارەکتەرێکی فەنتازی و ئیدی تا کۆتایی ڕووداوەکان بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، هەر لەتێکی دەکەوێتە گۆشەیەکی سەر ڕووی زەمین، لەتێکی واتا لەتی لای ڕاستی لە کۆتایی ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێت و لەتی لای چەپی هەمیشە خۆی دەنوێنێت و دیوێکی شەڕەنگێز و ئافرەتباز و داپڵۆسێنەرە، هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. ((گوللە تۆپێکیان هاویشتە تەختی سینگییەوە. مێدار تورئالبای هەڵدا و بەتەواوی بۆ حەلحەلەی ئاسمان بەرزی کردەوە))(کاڵڤینۆ: 21). سەرەتای ڕووداوەکان لێرەوە دەستپێدەکەن و کارەکتەری سەرەکی دەبێت بە کەسێکی فەنتازی، بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی جەمشید خاندا بۆ یەکەمجار کارەکتەری سەرەکی جەمشید خان لە زینداندایە. ((یەکەمین فڕینی جەمشید لە زیندانێکی تایبەت لە کەرکوکەوە دەستپێدەکات و کاتەکەشی شەوێکی ساردی زستان دەبێت..... بایەکی لەناکاو و زۆر بەهێز دێت، بۆ یەکەمجار ئەو بایە جەمشید خان لەسەر زەوی بەرز دەکاتەوە))(عەلی:6-7).

هەروەکو دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەر لە زەوی بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان، یەکەمیان بەهۆی گوللە تۆپەوەیە و ئەوی دیکەیان بەهۆی بایەکی بەهێزەوەیە. بەورد بوونەوە لە تایبەتمەندی هەر دوو کارەکتەر ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەردوو کارەکتەر لە تەمەنی لاویدان و کارەکتەری خۆڕاگرن و باکیان بە نارەحەتییەکانی ژیان نییە و لە پێناوی ئامانجەکەیاندا دەجەنگن.

هەروەکو لەسەرەتاوە ئاماژمان بۆکرد ڤیکۆنت لەگەڵ تورکەکاندا شەڕی کردووە و هەر لەسەر دەستی تورکەکان جەستەی بەو شێوەیەی لێهاتووە و بووە بەدوو کەرتی یەکسانەوە هەروەکو لەڕۆمانەکەدا هاتووە ((دوو تۆپهاوێژی تورك، ئامێرەکانیان لەسەر بنەچەیەکی بزێوی پاچکەدار گیر کردبوو و بە ئاسانی دەیانخولاندەوە.... ئەوانیش یەکسەر گولەتۆپێکیان هاویشتە تەختی سینەیەوە))(کاڵڤینۆ: 20-21) بەهەمان شێوە جەمشید خانیش لەگەڵ تورکەکان بەشەڕ هاتووە ئەو کاتەی لەگەڵ گەریلاکاندا بووە، هەمان چارەنووسی ڤیکۆنتیشی بووە، بەڵام ڤیکۆنت بوو بە دوو کەرتەوە و جەمشیدیش دیسانەوە ڕەفتارەکانی دەگۆڕێت و لە بێ ئیمانێکەوە دەبێتە خواناسێکی باش و تەنها ناوی خودا دەهێنێت و ئەوەی لە بیری بێت تەنها ئەوە بووە کە دەیزانی لەگەڵ تورکەکان شەڕی کردووە ((دوای ئەوەی گەریلاکان هەرچییەکیان بۆ دەرمانکردنی خان لەتوانادا بێت دەیکەن، ڕۆژێکیان ئەو کیژە ڕادەسپێرن ئەم پیاوە نەخۆشە کە چیتر مانەوەی لەو کێوانە سوودی بۆ کوردستان نییە، بیگێڕنەوە بۆ ماڵی خۆی لە باشوور ..... بەڵام جگە لە کەڵکەڵەی خودا هیچی دی لەسەردا نەمابوو. ئەوەی لەبیر بوو لەگەڵ سوپای تورکیادا شەڕی کردووە.))(عەلی: 97-98). وەکو دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ تورکەکاندا شەڕیانکردووە و دووچاری زیانی جەستەیی و فیکری بوونەتەوە، یەکەمیان دەبێت بەدووکەرتەوە و کەرتێکی شەڕانی و کەرتەکەی تر پیاوچاك، جەمشیدیش فیکرەی لە کەسێکی بێ دین و مارکسیەوە دەبێت بە کەسێکی خواناس.

لەکاتی بریندار کردنی ڤیکۆنتدا دوو سەربازی تورك هێندە هێرش دەهێنن تا ئەو ڕادەیەی تەواو نزیك دەبنەوە لە ڤیکۆنت هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ((بەچاوی خۆی تورکانی بینی، دوانیان گەیشتنە تەنیشتی ئەو))(کاڵڤینۆ: 18). بەهەمان شێوە لەوکاتەی کە جەمشید خان بەهۆی گۆڕانی بیروباوەڕییەوە لە مارکسسەوە بۆ خواناسی و فڕینی بۆ ئاسمان بەمەبەستی بینینی خودا و فریشتەکان لەکاتی بریندار کردنیدا دوو چەکدار دەبینرێن هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا دیارە ((شتەکان بە چەشنێك خێرابوون و دەنگی دەسترێژەکان بەجۆرێك لە گۆڕەپانی گەورەدا دەنگیاندایەوە من تا دوای هەڵاتنی دوو چەکدارەکەش هەر ساکابووم و نەمدەزانی چی ڕوویداوە. کە سەرم بەرزکردەوە بینیم خوێن لە ئاسمان دێتە خوارێ))(عەلی: 109). بە بەراوردکردنی هەردوو ڕووداوەکە دوو چەکدار لەکاتی برینداركردنی هەردوو کارەکتەرەکەدا بوونیان هەیە.

یەکێك لە خووە خراپەکانی ڤیکۆنت ئەوە بوو کە سەرانە و باجی نارەوای لە خەڵك کۆدەکردەوە، بە فێڵ و زۆرداری سامانێکی زۆری کۆکردبووەوە ((ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دادوەرییەکە بوو. ڤیکۆنت دە دوازدە جوتیاری بە سزای مردن تاوانبار کرد، چونکە بەپێی حیساباتەکانی، ئەو جوتیارانە بەشە دروێنەکانی خۆیانیان نەگەیاندبووە کۆشکەکە، مەبەست بەشەکەی مێدار بوو.))(کاڵڤینۆ: 52)، هەر بەو شێوەیەش

جەمشید خان بە نارەوا و جاسوسیکردن بەسەر خەڵکەوە سامان و پارەیەکی زۆری کۆکردبووەوە ((جارێکیان ژنێکی گەنجی زۆر جوان هات، لەسەرەتای دانیشتنەکەوە تا کۆتایی هەر دەگریا و لە مامم دەپاڕایەوە کە ئابرووی نەبات، گووتی هەر شتێکت دەوێت لەگەڵ خۆت و خزمەتکارەکەتدا دەیکەم تەنیا ئەو کاغەز و وێنانەم بدەرەوە. بەڵام مامم پێی گووت ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا پەنجا هەزار دۆلار دانەنێت هەموو وێنەکان وەك خۆی لە ئەنتەرنێتدا بڵاودەکاتەوە))(عەلی: 153-154). هەروەکو دەردەکەوێت، هەردوو کارەکتەر بە شێوەیەکی نارەوا و خراپ پارە و سامانیان کۆکردووەتەوە.

یەکەم دەرکەوتنی ڤیکۆنتی پیاوچاك بەو شێوەیە بوو کە دەیگوت ((پیاوە باشەکە لە دڵی خۆیدا گوتبووی خۆ من کێشی نیو پیاویشم نییە ئەم قاترە پیرە دەتوانێت هەڵم بگرێت))(کاڵڤینۆ: 132). بەهەمان شێوە سەرەتای دەرکەوتنی جەمشید خان بە بیروباوەڕێکی ئاینییەوە ئەوکاتە بوو کە گەریلاکان گەڕاندیانەوە بۆ زێدی خۆی ((ئەم ئەم پیاوە نەخۆشە چیتر مانەوەی لەو کێوانە سودی بۆ کۆردستان نییە، بیگێڕنەوە بۆ ماڵی خۆی لە باشور. ئیدی لەسەر کەرێکی پیر دەیبەستنەوە و بە ڕێگایەکی شاخاوی دوور و درێژدا دەینێرنەوە))(عەلی: 97).

هەروەکو دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەر لەسەرەتاوە بەسواری وڵاخێکی پیر و بە کێشێکی لاوازەوە، کە کێشی نیوە پیاوێکیشیان نییە، دەست بە کاری چاکە دەکەن. ڤیکۆنت بەسواری قاترێکی پیر و جەمشیدیش بەسواری کەرێکی پیرەوە، لەم کاتەدا هەردوو کارەکتەر کەسایەتییەکی ئاینییان هەیە و بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیان دەست پێدەکەن.

ڤیکۆنتی پیاو چاك یەکەم سەفەری بۆلای پرۆستانتییەکان بوو، کە ((ئەوانیش بەڕێز وەستابوون بە تەرتیلە خوێندنەوە پێشوازییان لێی کرد، پاشان پیرەمێردەکە لێی نزیك دەبێتەوە وەکو برایەك سڵاوی لێدەکات، پیاوە باشەکە لەسەر ئێسترەکە دێتە خوارەوە و بە نەوازشێکی زۆرەوە سڵاوەکەی دەسێنێتەوە))(کاڵڤینۆ:132). لەم سەفەرەی ڤیکۆنتدا لەسەرەتاوە دەچێتە لای پرۆستانتییەکان و لە وێدا پرۆستانتییەکان دەبینێت کە چۆن بەڕێز وەستاون و زیکر دەخوێنن و لەم کاتەشدا پیاوێکی پیرەمێرد دەبینێت. بەهەمان شێوە کاتێك جەمشید بیروباوەڕی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی ئاینی، لە سەفەرێکیدا ((لە مزگەوتی دوو گومەز کە ڕۆژانی هەینی پۆلێك دەروێش دەڕژانە ناوەڕاستی گۆڕەپانە گەورەکەی و دەیانکردە زیکر و تەهلیلە و زرك وەشاندن گیرساینەوە... مەلای مەزگەوتەکە چیرۆکی جەمشیدی بیست زۆر دڵی خۆش بوو))(عەلی: 101). هەروەکو دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەر نزیکییەکی زۆریان هەیە لەبڵاوکردنەوەی پەیامەکەیاندا. ڤیکۆنت دەچێتە لای پرۆستانتییەکان و جەمشیدیش دەچێتە مزگەوت، ڤیکۆنت زیکر و تەرتیلەی پرۆستانتییەکان دەبینێت و جەمشیدیش زیکر و تەهلیلەی دەروێشەکان دەبینێت، ڤیکۆنت پیرەمێردێك دەبینێت و زۆر ڕێزی لێدەگرێت، بەهەمان شێوە جەمشیدیش مەلای مزگەوتەکە دەبینێت و مەلاکە زۆر ڕێزی لێدەگرێت. لێرەوە نزیکییەکی زۆر لەنێوان هەردوو کارەکتەردا بەدی دەکەین.

کارەکتەری سەرەکی (ڤیکۆنت)، سەرەڕای ئەوەی کە جەستەی دووچاری دوولەتبوون بووە و تەنها بەلەتێکەوە دەژیت، کەچی عاشقی (پامێلا) دەبێت و دەیەوێت بەهۆی سامان و بارە داراییەکەیەوە بیکات بە هاوسەری خۆی، ئەمەش بەهۆی یەکەم بینینەوە بوو،((مێدار تێرئالبا لەو بەرەبەیانەدا نوشتابووە سەر زینی ئەسپە بازدەرەکەی و سەردەکەوت، بۆ نشێوەکانیشدا لێژ دەبووەوە، بەقەدپاڵەکاندا سەردەکەوت و بەرەو دۆڵەکان شۆڕ دەبووەوە و بە چاوی داڵێکیش هەموو کونو کەلەبەرێکی دەپشکنی. پامێلا خەریکی لەوەڕاندنی بزنەکانی بوو، ئابەم شێوەیە پامێلا لەنێو لەوەڕگاکە چاوی پێی دەکەوێت..... بڕیاری ئەوەی دا عاشقی پامێلا بێت))(کاڵڤینۆ: 82). بەهەمان شێوە جەمشید خانیش بەیەکەم بینین عاشقی (سافیناز) دەبێت. ((خەزاڵ لە بەردەم دووکانەکەدا، کۆنە هاوڕێیەکی خۆی دەبینێت کە ناوی (سافیناز خانە)، ... بەدەستووری کچان یەکتری ماچ دەکەن و دوای گلەیی ژنانە لە یەکتر، خەزاڵ پێشنیاری ئەوە بۆ سافیناز دەکات کە بیگەیەنێت بۆ ماڵەوە، چونکە ماشێنی پێیە و جگە لە مامە جەمشیدیش کەسی دی لەگەڵدا نییە. ئەو سەرکەوتنەی سافیناز بۆ ناو ماشێنەکە ژیانی مامم دەگۆڕێت و دەم و دەست لەویادا عاشق دەبێت، عەشقێکی وەها بەهێز، وەك گەردەلول جەمشید لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیبات)) (عەلی: 77-78). وەکو دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەر لەیەکەم بینینەوە بەتەواوی عاشق دەبن و دەکەون بەشوێن ئەوینەکەیان.

ڤیکۆنت بە پارە و سامانەکەی هەوڵی ڕازیکردنی پامێلا دەدات بۆئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ((نازانم چ لەتۆ دەکەم. بێگۆمان، کاتێك تۆم دەبێ، ئەوکات ئیمکانییەتی بێ ژمارە پەیدا دەبن، کە حاڵی حازر بەخەیاڵمدا نایەن. دەتبەمە کۆشکەکەم و لەوێ ئاگادارت دەبم و کەسێکی دی چاوی پێت ناکەوێت. ئیتر ڕۆژگار دەبێتە ڕۆژگاری ئێمە و ئەوکات تێدەگەیت چۆن هەموو شتێك بخەینە گەڕ لەپێناو ئەوەی پێکەوە بمێنینەوە))(کاڵڤینۆ: 87). بەهەمان شێوە جەمشید خانیش بەهۆی ئەو سامانە زۆرەی کە بۆی مابووەوە بە بەردەوامی دیاری گرانبەهای بۆ سافیناز دەکڕی، لە ڕۆژی داواکارییەکەشیدا سافیناز ((داوای پتر لە سێ

کیلۆ ئاڵتوونی کرد، مامم بێئەوەی بیربکاتەوە تەواوی ئەو پارە کاشەی لە میرات وەریگرتبوو دای بەزێڕ و جیازی و مۆبیلی ماڵ، یەکێك لە هەرە خانووە خۆشەکانی باپیرەمی ڕازاندەوە و بۆ ژیانی داهاتوو ئامادەیکرد))(عەلی: 87). ئەوەی ئاشکرایە هەردوو کارەکتەر بەهۆی سامانەکەیانەوە دەیانەوێت هاوسەرگیری بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەی لەیەکتر جیایان دەکاتەوە، ئەوەیە کە پامێلا بە ژیانی کۆشك ڕازی نییە و ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام سافیناز ئەوەی دەویست. هەروەکو دەردەکەوێت ((تۆ دەتەوێت لەو کۆشکە زیندانم بکەیت و هەر کاتێکیش ویستت ئاگرم تێ بەردەیت))(کاڵڤینۆ: 89). هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە سافیناز لەو کچانە بوو، کە ((لەسەر تەرزی ئەو نەغمە زێڕ پەرستەی زۆر لە کچانی شاری لەسەر گۆشبووبوون، خەیاڵی دەکرد و دونیای دەبینی)) (عەلی: 88). وەك ئاماژەمان پێداوە سەفیناز بە مەرجی ماڵ و ئاڵتونێکی زۆر ڕازی بوو هاوسەرگیری لەگەڵ جەمشید خان بکات، کەچی پامێلا وتی: ((ئەگەر تۆ منت دەوێت، وەرە لەم دارستانە بمبینە))(کاڵڤینۆ: 89). واتە پامێلا ئەو بەختەوەری خۆی بە ژیانی کۆشك ناگۆڕێتەوە.

**2-2- کارەکتەری دکتۆر.**

لە ڕۆمانی ڤیکۆنتی دوولەتبوودا کارەکتەرێك ئامادەیی هەیە، کە هەوڵی چارەسەرکردنی کارەکتەری سەرەکی ڤیکۆنت دەدات، ئەویش کارەکتەر دکتۆر (ترێلاونی)یە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەردەوامی هەیە لە چارەسەرکردنی ڤیکۆنت دا، بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی جەمشید خاندا کارەکتەر دکتۆر نەجیب ئامادەیی هەیە، کە هەوڵی چارەسەر کردنی کارەکتەری سەرەکی جەمشید خان دەدات. بەڵام ئەو ڕۆڵەی دکتۆر ترێلوانی نییە.

دکتۆر ترێلاونی هەوڵی چارەسەرکردنی ڤیکۆنت دەدات پاش گەڕانەوەی لەتە باشەکەی ڤیکۆنت، وەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کە دکتۆر ((لەگەڵ خۆی دەیباتە زنجی گۆڕ هەڵکەنەکە و دەستدەکات بەسارێژ کردنی دەستی، داودەرمانی بۆ ئامادە دەکات و پاشان بەجوانی دەیپێچێتەوە، لەوکاتەدا ڤیکۆنت بەشێوەیەکی زۆر ئینسانیانە و زۆر نەجیبانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات))(کاڵڤینۆ: 112). هەر بەو شێوەیەش لە پاش گەڕانەوەی جەمشید خان لە زیندان خزمان و کەس و کاری هەوڵی چەرەسەرکردنی دەدەن، بۆیە دکتۆر ((نەجیبی بۆ دێنن بۆ ئەوەی پشکنینێکی تەواوی بۆ بکات))(عەلی: 13). لە سەرەتادا دکتۆر ترێلاونی ناتوانێت چارەسەری ڤیکۆنت بکات، هەر بەو شێوەیەش دکتۆر نەجیب ناتوانێت چارەسەری جەمشید خان بکات.

لەپڕدا ڤیکۆنت دیوە شەڕانگێزەکەی خۆی پیشاندەدات هەروەکو دەردەکەوێت ((دکتۆر ئەو ڤیکۆنتەی کە لای تۆ هاتبووەوە، هێندەی نەبرد بووەوە بەشەڕانگێزەکەی جاران))(کاڵڤینۆ:113)، هەر بەو شێوەیەش پاش بینینی جەمشید خان لەلایەن دکتۆر نەجیبەوە، پاش سەرسامبوونی دکتۆر بە جەمشید خان ئەوەی گوت: ((کە دەبێت زۆر ئاگاداری بین، چونکە دەشێت توشی نۆبەتی کوتوپڕی شەڕانگێزی بێت))(عەلی: 17). لێرەوە نزیکییەکی زۆر لەنێوان بیرکردنەوەی هەردوو دکتۆر و ڕەفتارەکانی هەردوو کارەکتەر سەرەکی ڤیکۆنت و جەمشید دا بەدی دەکرێت.

لەپاش وردبوونەوەیەکی تەواو، دکتۆر دەست بە چارەسەرەکانی ڤیکۆنت دەکات ((نیو سەعاتی نەبرد تەنها تاقە برینداریێکمان خستبووەسەر نەخۆش هەڵگرەکەوە هێنامانەوە کۆشکەکە، بەدبەختەکە و پیاوچاکەکە، تەواو بەلەفافەیەك پێکەوە پێچرابوونەوە. دکتۆریش زۆر بە جوانی سەرجەم موولوولە و خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی بە شێوەیەك پێکەوە بەستبووەوە کە هەردوو لەتەکە تەواو لەگەڵ یەکتر جووت بوون))(کاڵڤینۆ: 163). بەڵام دکتۆر نەجیب ناتوانێت کێشی جەمشید خان بگەڕێنێتەوە، بۆیە جەمشید خان بڕیار دەدات خۆی بە بایەکی بەهێز بسپێرێت بۆ ئەوەی بۆ وڵاتێکی دیکە بیبات و لەو نائارامی و بێ هیواییە دەربازی ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش جەمشید داوا لە برازاکەی دەکات ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدات، ((ئەو شەوە کە بڕیاریدا بڕوات و نەگەڕێتەوە، بە خۆمان و هەزاران مەتر لە ڕایەڵەوە چووین بۆ سەر بەرزترین لوتکەی نزیك شار، لەوێ بەر لەوەی بفڕێت باوشمان بەیەکدا کرد، جەمشید خان لەو سەر ترۆپکەوە سەیری دونیای کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا ... گووتی: هەموو ژیانم ئاواتی ئەوەم خواستووە زەوییەك بدۆزمەوە مرۆڤ تێیدا با نەیبات)) (عەلی: 175). بۆ ئەوەی لەو بارە ناهەمەوارەی ڕزگاری ببێت و بە ئازادی بژیت، چونکە جەمشید خان گەشتۆتە ئەو بڕوایەی لەم وڵاتە بۆ ئەو جێگەیەکی بۆ دڵخۆشی و بەختەوەری و ژیانی سەربەستی تێدا نەماوە، دواتر بایەکی بەهێز جەمشید هەڵدەگرێت و دەیفڕێنێت بۆ وڵاتێکی دوور، پاش دیار نەمانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، جەمشید خان بەنامەیەك هەواڵی چارەسەرکردن و چاکبوونەوەی خۆی بۆ سالاری برازای دەنێرێت، کە لەوێ لەژێر چاودێری پزیشکەکاندا کێشی بەرەو باشی دەچێت. هەروەکو لەو نامەیەدا جەمشید خان نوسیویەتی و دەڵێت: (( من چیتر ئەو جەمشید خانە نیم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبات ئێستا کێشم وردە وردە پڕ دەبێتەوە و دەبم بە کەسێکی ئاسایی. بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە باسی ئەوەی بۆ نووسیوم کە بە تەنیا دەتوانێت بەزەویدا بڕوات و لە با نەترسێت))(عەلی: 177). لەکۆتایی هەردوو ڕۆمانەکەدا لەسەر دەستی دکتۆرەکان چارەسەری بنەڕەتی بۆ جەستەی هەردوو کارەکتەری سەرەکی دەکرێت و دەبنەوە بە کەسێکی

ئاسایی، بەڵام ڤیکۆنت لەسەر دەستی دکتۆر ترێلاونی و جەمشید خانیش لە دەرەوەی وڵات چارەسەر دەکرێت.

## 3-2- کارەکتەری گێڕەرەوە.

لە ڕۆمانی ڤیکۆتی دولەتبوودا کارەکتەری گێڕەرەوە لە سەرجەم ڕووداوەکاندا لەگەڵ کارەکتەری سەرەکیدایە و ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانە ((زەمان زەمانی شەڕ بوو لەگەڵ تورکان. ڤیکۆنت مێداری "تێرئالبا"ی مامم بە درێژایی و پانایی دەشتاییەکانی بوهێمندا ئاوەزینگی دەدا. بەرەو خێوەتگەی فەلەکان دەڕۆیشت))(کاڵڤینۆ: 5). بەهەمان شێوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز دەگێڕێت، لەهەمان کاتدا برازای کارەکتەری سەرەکی (ڤیکۆنتی دوولەتبوو)ە، ئەم کارەکتەرە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە خۆی بەدیار دەخات، بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی جەمشید خاندا کارەکتەری گێڕەرەوە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە خۆی بەدیار دەخات و ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانە، لەخزمەتی کارەکتەری سەرەکیدایە و برازای کارەکتەری سەرەکی (جەمشیدخان)ە، ((لەمڕۆ بەدواوە تۆ لەگەڵ سمایلی مامە ئەدیبدا دەبنە پاسەوانی جەمشید خانی مامت، کە لە زیندان هەڵهاتووە... جەمشیدی مامت هەمیشە و لە هەر شوێنێك بێت پێویستی بە ئێوەیە، نابێت هیچ کەمتەرخەمییەك لە خزمەتکردن و هاوکاریدا بنوێنن))(عەلی: 11). هەروەکو لەسەرەتاوە لەزاری گێڕەرەوەوە دەردەکەوێت کە هەردوو گێڕەرەوە برازای کارەکتەری سەرەکین و ئاگاداری سەرجەم کار و کردەوەکانی کارەکتەری سەرەکین.

گێڕەرەوە لە (ڕۆمانی ڤیکۆنتی دولەتبوودا) باس لە چارەسەر و چاکبوونەوەی کارەکتەری سەرەکی دەکات, ((ئا بەمجۆرە مێداری مامم بووەوە بە ئینسانێکی تەواو, نە خراپ, نە باش, تێکەڵەیەك بوو لە چاکە و خراپە. واتە بوونەوەرێك هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو بوونەوەرە نەبوو کە پێش لەتبوونەکە, بەڵام ئەزموونی هەریەکەیانی لەیەك کۆ کردەوە، بۆیە بوو بە ئینسانێکی حەکیم. ژیانێکی بەختەوەر ژیا.))(کاڵڤینۆ: 164). واتە گێڕەرەوە ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانی ژیانی کارەکتەری سەرەکییە. بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (جەمشید خاندا) لەڕێگەی نامەیەکەوە جەمشیدخان، هەواڵی چارەسەر و چاکبوونەوەی خۆی بۆ برازاکەی دەنێرێت. کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە، وەك لەو نامەیەدا هاتووە ((بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە باسی ئەوەی بۆ نووسیوم کە بە تەنیا دەتوانێت بەزەویدا بڕوات و لە با نەترسێت ... دوا ڕستەی نامەکەی دەڵێت: دەتوانیت بە هەمووان بڵێیت ... بە هەمووان چیتر کەسێك نیم با بمبات.))(عەلی: 177-178). وەك لە کۆتایی هەردوو ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، هەردوو گێڕەرەوە ئاگاداری سەرجەم ڕووداوەکانی ژیانی کارەکتەری سەرەکین. کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ جەستەی هەردوو کارەکتەری سەرەکی کراوە و بوونەتەوە بە کەسێکی ئاسایی. ئەمەش لێکچوونی ئاشکرا و دیاری گێڕەرەوەیە، کە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت.

## ئەنجام

1- کارەکتەری نێو هەردوو ڕۆمانەکە لەسەدەمی لاوێتیدان، بەهۆی ڕووداوی جەنگەوە جەستەیان دووچاری تێکچوون دەبێت، یەکێکیان دەبێت بەدوو کەرت و ئەوی دیکەیان بە جۆرێك لاواز دەبێت، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبات.

2- هەردوو کارەکتەری سەرەکی دوو ڕۆمانەکە، کارەکتەری تەواو فەنتازی و خەیاڵین، لە جۆری کەسێتی نیمچە سەرو سروشتی و گۆڕاوە.

3- لەڕووی شەڕانگێزی و نەرموونیانی و ئاشتیخوازی و ژنبازییەوە، لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ڕەفتارەکانی هەردوو کارەکتەری سەرەکی ناو هەردوو ڕۆمانەکەدا هەیە.

4- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا کارەکتەری دکتۆر بوونی هەیە و هەوڵی چارەسەرکردنی کارەکتەری سەرەکی دەدەن. ڤیکۆنتی دوولەتبوو لەلایەن دکتۆرەکەی خۆیەوە چارەسەر دەکرێت و جەمشید خانیش لە دەرەوەی وڵات چارەسەر دەکرێت و هەردوو کارەکتەر دەبنەوە بە کەسێکی ئاسایی.

5- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا گێڕەرەوە برازای کارەکتەری سەرەکییە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکاندا.

## سەرچاوەکان:


1. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد(2009)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
2. خدر، ڕێزان ڕەحمان(2012)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی(عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
3. خەیات، ئاری عوسمان(2019)، *ڕوانگەی ڕەخن و ڕوانینی تیۆریی*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
4. ڕەحمان، عەبدوڵڵا(2014)، *بنیاتی گێڕانەوە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییەلەبارەی چیرۆك و ڕۆمان و ڕۆمانە شیعر*، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
5. سابیر، پەرێز(2001)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. سەڕاج، عەبدوڵڵا(2007)، *بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگا*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
7. شێخانی، جەوهەر(2014)، بنیاتی کارەکتەر لەڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

8. عەبدوڵلا، پەروین(2008)، *ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا( کرمانجی خواروو 1980- راپەرین)*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
9. اسماعیل، عزالدین(1976)، الادب وفنونة، الطبعة السادسة، دار الفكر العربي، القاهيرة.
10. الساسبة، عبدالله مسلم(2006)، تجربة سليمان قوابعه الوائية، دار اليازوري العلمية للنشر و الطبع، الطبعة الالى.
11. عبدالله، عدنان خالد(1986)، النقد التطبيقى التحليلى، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
12. غطاشة، داود(2000)، قضايا النقد العربى قديمها و حديثها، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
13. نجم، محمد يوسف(1963)، فن القصة، دار الثقافة، بيروت.
14. حەسەن، یاسین ڕەشید(2004)، ناوەڕۆك و تەكنیكی درامای كوردی(1991-2002)، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زمان، بەشی كوردی.
15. غەفور، گۆران صباح(2005)، توخمەكانی ڕۆمان، گۆڤاری كاروان، ژمارە(194).
16. ایرانی.